# چەند نامەیەکی زۆر نهێنی

هشام ئاکرەیی

**چەند نموونەیەکی نامە تەخمینکراوەکان.**

بۆ\ بەرێز (. . . . . . .) سەرنووسەری (. . . . . . . . .)

لەدوای رێز وسڵاوی ساردی تاراوگە

هیوادارم وەک سۆز و سروشتی ئێوە و نووسەرانی تری (. . . . . . .) بەردەوام بن لە سەر خەباتەکەتان. لە ژمارەی پێشوودا بابەتێکی (فڵان کەستان) بڵاوکردبووەوە. دەربارەی ئەو کابرایە بەراستی ئەو کەسە نووسەر نیە و هیچ نازانێ و سومعەتی باش نیە. جارناچار نووسینی بێ بەڵکە و درۆ لە سەر من دەنووسی لە سایتەکوردیەکاندا. بەردەام بوون لە سەر بڵاوکردنەوەی بابەتەکاتی (. . . . . . .) ئاستی میدیا و رۆژنامەکەتان نزم دەکانەوە. ئاگاتان لە رۆژنامەکەتان بێت چونکە تاقە رۆژنامەی ئازادە و هەر لەبەر ئەوە من بابەتەکانم تەنیا بۆ ئێوە دەنێرم لە کوردستان.

لە گەڵ رێزما

براتان (ح. ن. ق. ن)

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

وڵامی سەرنووسەر بۆ (ح. ن. ق. ن)

بەرێز (ح. ن. ق. ن) ئەحواڵت دەپرسم و دەستەکانت ماچ دەکەم زۆر سوپاس بۆ (ناوی نووسەر) کە بەهۆی ئەوەوە جەنابت ئەم داواکاریەت ئاراستەی ئێمەتکرد.

بەبان هەردوو چاوانم. داواکاریەکەت گەیشت. لەمەو دوا ئەوانەی ناویشیان لە ناوی (. . . . . . . .) نزیکدەبێتەوە، بابەتەکانیان بڵاوناکەینەوە لە رۆژنامەکەماندا. جەنابت چاوساخی ئێمەی لە دەرەوەی کوردستان و ئەگەر نووسینەکانی جەنابت نەبن، پەیوەندیمان لە گەڵ دەرەوە نامێنێت و ئێمە هاوبیرین.

هیوادارم بەردەوام بی لە رێنوێنیمان.

برات (. . . . . . . . .)

سەرنووسەری (. . . . . . . . . . .)

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

لە مەکتەبی سیاسی حزبەوە

بۆ\ هەموو ئورگانەکانی راگەیاندنی حزب

سڵاوێکی گەرم

لە دوای کۆبۆنەوەی کومسیوونی راگەیاندنی حزب لە رێکەوتی (. . . . .) بریار درا:

» بەهیچ شێوەیەک باسی وڵاتانی دراوسێ نەکرێت بە خراپی بە بێ ئاگاداری ئێمە، بە تایبەت (تورکیا، ئێران، سوریا) . تەنیا ئێمە سەلاحیەتی نووسین و بڵاوکردنی ئەو جۆرە بابەتانەمان هەیە.

» هەر بابەتێک بەیوەندی بە حیزب و ئەندامەکانیەوە هەبێت بە بێ ئاگاداری و پێزانینی لایەنی پەیوەندیدار نابێ بڵاو بکرێتەوە.

» هەرکەسێک لە سەر بارودوخ و جەماوەر، بابەتتان بۆ بنێرێت کە رەخنە و هێرشی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ بێت بۆ سەر حیزب و ئەندامەکانی، نابێ بڵاو بکرێنەوە و دەبێت ئاگاداری لایەنە پەیوندیدارەکان بکەن.

ئەم تەعلیماتە دەبێ بە وردی چێبەجێ بکرێن.

ئیمزا

کوردستان نێت www.kurdistannet.org

www.kurdistannet.org
11/07/2003 03:22

مەکتەبی سیاسی حزب

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

لە ڕابەری حزبی (. . . . . . . . . . . . . . . .)
بۆ\ (بەرپرسی ئۆرگانی ڕەسمی حیزب)
سڵاوێکی شۆڕشگیرانە

ژمارەی (. . . .) ئۆرگانی ڕەسمی حزبم خوێندەوە، دەستەکانتان خۆش. لە دوای مناقەشەیەکی درێژ لە گەڵ ڕەفیقەکانی تری حیزب، چەند تێبینەکمان هەیە کە لە ژمارەکانی داهاتوودا دەبێ ڕەچاوەی بکەن.

» دەبێ بزانی ئێمە حزبین نەک حەلقەیەکی سەقافی. بۆیە هەر بابەتێک لە گەڵ ڕەوتی حزبدا تەبێت نابێ بڵاوبکرێتەوە.

» خۆتان باش دەزانن چوون درایی پێویست بۆ ئەم ڕۆژنامەیە دابین دەکرێت، بۆیە دەبێت هەر بابەتێک و وشەیەک بەر ئەوەی چاپ بکرێن، لێبکۆڵنەوە و ئەگەر لە بەرژوەندی فکری حزبدا نەبێت، نابێ بڵاوی کەن.

» لەم چەند ژمارەی دواییدا چەند بابەتێکتان بڵاوکردۆتەوە، کە پەبوەندی بە حزبەوە نیە. ئێمە باوەڕیمان بەو دیموکراتیەتە نیە و نابێ بابەتی لەو چەشنە، بڵاکەنەوە.

» ئەنیا ئێمە مافی لێکدانەوە فکری ڕابەرمان هەیە. فکری ڕابەر دەبێ بپارێزرێ لە شێواندن و تەحریفکردن.

» ئەم ئێبینیانە جێبەجێ بکە و لە کاتی پێویست گفتوگو لە سەر دەکەین.

بژی. . . . . . .
بژی. . . . . . . . .
ناو: (. . . . . . . . .)

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

ئەوەی سەرنج ڕاکێشە، چەند نووسەرێکی کوردی دەرەوەی وڵات، نامە بۆ ڕۆژنامەو گۆڤار و هەفتەنامە دەنێرن تاوەکو بابەتی نووسەرانی تر بڵاونەکەن.

ئەگەر نووسەرێک کە خۆی بە خەباتکاری وشەی ئازاد دادەنێت و لە دەرەوەی وڵاتیش بێت، بەم شێوەیە ڕەفتار بکات و ئەگەر سەرنووسەری ڕۆژنامەش بەو شێوەیەی سەرەوە وڵامی بداتەوە، تۆ بڵێی نووسەر بێت یان سیخوڕ و ئەمن.

وشە گەر جنێو و قسەی بێڕێز و تەوهین کردن نەبێت، دەبێ جێگای خۆی بدۆزێنەوە لە سەر پەری میدیایەک.

*ت: خەیال و ڕاستی ئەم نامانە بۆ کاردانەوەکان بەجێ دێڵم.*

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نوسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.